# ڕاپۆرتی لیستی سەرەکی عێراق ١٢٣

ئاب - ئەیلول ٢٠٢١

IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

تێبینی: لیستی سەرەکی جەولەی پێشووی، جەولەی ژمارە (١٢٢) ماوەی نێوان هەر سێ مانگەکانی ئایار، حوزەیران و تەمموزی ساڵی ٢٠٢١ لەخۆگرتووە. لیستی سەرەکی ئەم جەولەیە، جەولەی ژمارە (١٢٣) ماوەی نێوان هەردوو مانگی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ گرتووەتەخۆ. هەربۆیە، هەر شیکارییەکی بەراوردکردن بکرێت بۆ داتای ئەم جەولەیە و داتای ڕاپۆرتی جەولەکانی دیکە، دەبێت تێبینی جیاوازی ماوەی ڕاپۆرتەکان بکرێت و ئەم جیاوازییە لە بەرچاوبگیرێت.

## دیارخراوەکان




شێوەی ١: ژمارەی ئاوارەکان و گەڕاوە بە تێپەڕبوونی کات

کۆکردنەوەی داتا بۆ ڕاپۆرتی سەرەکی جەولەی ١٢٣ لەماوەی نێوان مانگەکانی ١ی ئاب تا ٣٠ ی ئەیلول ئەنجامدرا. تا ٣٠ ئەیلول تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) دەستنیشانی ٤,٩٣٩,٠٧٤ گەڕاوەی کرد (لە ٨٢٣,١٧٩ خێزان دا)، کە بەسەر ٨ پارێزگا، ٣٨ قەزا و ٢,١٧١ شوێن دابەشببوون لە عێراق دا. بە کۆی گشتی، ٥٤,٤٦٢ گەڕاوەی نوێ تۆمارکران لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا. ئەم ژمارەیەش بەرزترە لە ژمارەی ئەو گەڕاوە تازانەی کە لە ماوەی مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەمموزی ٢٠٢١ دا تۆمارکران کە (١٧,٥٦٢) گەڕاوەی تازە بوون، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە ماوەی جەولەی پێشوو، جەولەی ١٢٢، درێژتر بوو و سێ مانگ بوو. هەرچەندە، ئەم بەرزبوونەوەی ژمارەی گەڕاوە تازەکان بەزۆری بەهۆی ئەووەوەیە کە تیمەکانی کۆکردنەوەی داتا ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون هەڵسەنگاندنیان بۆ هەندێک شوێن لەپارێزگای ئەنبار کردووە کە پێشووتر دەستیان بەو شوێنانە نەگەیشتبوو. باوترین و بەربڵاوترین ئەو پارێزگایانەی کە گەڕاوە تازەکانی بۆ هاتووە لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا ئەمانەن: پارێزگای ئەنبار (٢٩,٨٠٨) گەڕاوەی تازە، پارێزگای سەڵاح الدین (١٦,١١٠) گەڕاوەی تازە، پارێزگای هەولێر (٥,٤٣٠) گەڕاوەی تازە و پارێزگای نەینەوا (٢,١٣٦) گەڕاوەی تازە.

هەروەها لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ١,١٨٩,٥٨١ ئاوارەی دەستنیشانکرد، کە (٢٠٤,٣٤٤) خێزان بوون بەسەر ١٨ پارێزگا، ١٠٥ قەزا و ٢٨٤٢ شوێن دابەشببوون لە عێراق دا. ئەمەش تێکڕای نزمبوونەوەی ١,٨٨٩ ئاوارەی ناوخۆیی نیشاندەدات لەوەتەی ماوەی نێوان مانگەکانی ئایارو حوزەیران و تەمموزی ٢٠٢١ دا. ئەمەش نزمبوونەوە و دابەزینێکی کەمترە لە نزمبوونەوەی کە لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەمموزی ٢٠٢١ دا تۆمارکرا کە (٦,٨٢٧) کەس بوو. سەبارەت بە ناوچەکانی زێدی ئاوارە ناوخۆییەکان، هاوشان و هاوشێوەی ڕاپۆرتی جەولەی پێشوو، لە ٥٦٪ی حاڵەتەکانی ئێستای ئاوارە ناوخۆییەکان هی پارێزگاکانی نەینەوان بە (٦٦٩,١٣٣) کەس، بەتایبەتی هی قەزاکانی: قەزای ناوەندی موسڵ بە (٢٤٨,٦٠٣) کەس، قەزای شنگال بە (١٩٤,٢١٤) کەس و قەزای بەعاج بە (٩٢,٩٥٧) کەس. پاشان بەرزترین ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان هی پارێزگاکانی سەڵاح الدین بە (١٤٠,٠٥٨) کە دەکاتە لە١٢٪، پارێزگای ئەنبار بە (١٣٤,٦٨٦) کە دەکاتە لە ١١٪، پارێزگای کەرکووک بە (٧٥,٩٢٢) کە دەکاتە لە٦٪ و پارێزگای دیالە بە (٧١,٩٧٢) کە دەکاتە لە ٦٪ بوون.

## ئاوارەکان

١,١٨٩,٥٨١ کەس

٢٠٤,٣٤٤ خێزان

١٨ پارێزگا

١٠٥ ناوچە

٢,٨٤٢ شوێن

## گەڕاوەکان

٤,٩٣٩,٠٧٤ کەس

٨٢٣,١٧٩ خێزان

٨ پارێزگا

٣٨ ناوچە

٢,١٧١ شوێن

# خستنەڕوویەکی گشتی ئاوارەبوون

ئەم گرافیکەی خوارەوە ئەمانە نیشاندەدات (١) ژمارەی ئاوارەکان لە هەموو پارێزگاکانی ئاوارەبوون, (٢) ژمارەی ئاوارەکان لە هەر ناوچەیەک و قەزایەک, (٣) ڕێژەی ئاوارەکان بە پێی پارێزگای زێدی خۆیان بۆ هەر یەکێک لەو پارێزگایانەی ئاوارەبوونی تێدایە.

## نەینەوا

٢٥٦,٠٣٤ ئاوارە




## دهۆك

٢٤٩,٥١٣ ئاوارە




## هەولێر

٢٣١,٦٣٨ ئاوارە




## سلێمانی

١٤٠,٢٣٧ ئاوارە




## کەرکووك

٩٠,٥٨٢ ئاوارە




## سەلاحەددین

٥٨,٥٧٨ ئاوارە




## دیالە

٤٣,٩١٣ ئاوارە




## ئەنبار

٣٥,٣١٢ ئاوارە



# خستنەڕوویەکی گشتی ئاوارەبوون

## نەینەوا
٢٦,٦١٠ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون
- موسڵ ٧,٣٢٦
- شێخان ٥,٣٤٠
- حەمدانیە ٤,٧٩٤

پارێزگاکانی زێد
- ئەنبار ٪٤٣
- بابل ٪٢٧
- نەینەوا ٪١٨
- ئەوانی تر ٪١٢

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، دیالە، بەغداد و کەرکووک دەگرێتەوە

## دهۆک
١٦,٩٣٨ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون
- سومێل ١٥,٠٤٨
- زاخۆ ١,٣٨٠
- دهۆک ٢٨٢

پارێزگاکانی زێد
- بابل ٪٨٩
- نەینەوا ٪٩
- ئەوانی تر ٪٢

ئەوانی تر: ئەنبار، بەغداد،دیالە، سەلاحەددین دەگرێتەوە

## هەولێر
١١,٣٥٨ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون
- هەولێر ١٠,٢٧٢
- مەخمور ٩٤٨
- شەقڵاوە ١٣٨

پارێزگاکانی زێد
- نەینەوا ٪٨٥
- بابل ٪١١
- ئەوانی تر ٪٤

ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، کەرکووک، دیالە، سەلاحەددین و بەغداد دەگرێتەوە

## سلێمانی
٩,٠٧٨ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون
- سلێمانی ٧,٠٤٤
- کەلار ١,٩٢٦
- چەمچەماڵ ١٠٨

پارێزگاکانی زێد
- نەینەوا ٪٩٩
- ئەوانی تر ٪١

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەگرێتەوە

## کەرکووک
٥,٦١٦ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون
- کەرکووک ٢,٣٢٢
- داقوق ١,٢٤٨
- دوبس ١,١٥٢

پارێزگاکانی زێد
- سەلاحەددین ٪٣٥
- نینوێ ٪٢٨
- ئەنبار ٪١٩
- کەرکووک ٪١٠
- ئەوانی تر ٪٨

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## سەلاحەددین
٤,٥١٢ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون
- توزخۆرماتوو ٢,٩٧٠
- تکریت ٤١٢
- سامەڕا ٣٣٠

پارێزگاکانی زێد
- نەینەوا ٪٨٠
- کەرکووک ٪٩
- ئەوانی تر ٪١١

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەگرێتەوە

## دیالە
٣,٥١٦ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون
- بەعقوبە ٢,١٩٦
- خانەقین ٧٨٠
- کفری ٣٧٨

پارێزگاکانی زێد
- نەینەوا ٪٦٢
- کەرکووک ٪٣٤
- ئەوانی تر ٪٤

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد و سەلاحەددین دەگرێتەوە

## ئەنبار
٣,٢٢٢ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون
- فەللوجە ١,٨١٨
- ڕەمادی ٧٣٨
- ڕوتبە ٤٩٢

پارێزگاکانی زێد
- نەینەوا ٪٥٥
- ئەنبار ٪١٨
- کەرکووک ٪١٧
- ئەوانی تر ٪١٠

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، سەلاحەددین، دیالە،کەرکووک و بابل دەگرێتەوە

## میسان
١,٩٧٤ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون
- عەمارە ١,٥٩٦
- ئەلمەجەر ئەلکەبیر ١٦٢
- قەڵات ساڵح ١٠٢

پارێزگاکانی زێد
- نەینەوا ٪٤١
- کەرکووک ٪٢٠
- سەلاحەددین ٪١٤
- ئەوانی تر ٪٢٠

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، ئەنبار، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## موسەننا
٩٠٠ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون
- سەماوە ٥٦٤
- ڕومەیزە ٣٠٠
- ئەلخدر ٣٦

پارێزگاکانی زێد
- نەینەوا ٪٥٨
- بەغداد ٪١٤
- ئەنبار ٪١٠
- ئەوانی تر ٪١٨

ئەوانی تر: سەلاحەددین و کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

# تازەترین ڕەوشی ئاوارە ناوخۆییەکان

**تێکرای شێوە و فیگەرەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان:** لەماوەی مانگی ئاب و مانگی ئەیلولی ٢٠٢١ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ١،١٨٩،٥٨١ ئاوارەی ناوخۆیی دەستنیشانکرد، لە ٢٠٤،٣٤٤ خێزان دا، لەسەرانسەری ١٨ پارێزگای، لە ١٠٥ قەزا و ٢٨٤٢ شوێن لە عێراق دا. ئەمەش نزمبوونەی ١،٨٨٩ ئاوارەی ناوخۆیی نیشاندەدات لەو ژمارەیەی کە لەماوەی نێوان مانگەکانی ئایار و حوزەیران تەمموزی ساڵی ٢٠٢١ هەژمارکرابوو و تۆمارکرابوو. دیارترین نزمبوونەوەی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە پارێزگاکانی نەینەوا بە (-١،٥٥٥)، دهۆک بە (-٩٢٤) و دیالە بە (-٤٥٤) کەس بووە.

**ڕەوتی ئێستای ئاوارە ناوخۆییەکان:** سەرەڕای نزمبوونەوەیەکی گشتی لە کۆی گشتی حاڵەتەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان لەسەرانسەری وڵات، بە کۆی گشتی ٩،٨٦١ ئاوارەی ناوخۆیی گەیشتوونەتە ئەو شوێنانەی کە لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە. لە نێو ئەم گروپە دا، کۆی گشتی ٢،٤٤٦ کەس بوونەتە ئاوارە بۆ یەکەم جار، ئاوارەبوونی یەکەمیانە، ٦،٣٠٢ کەسیش لە شوێنەکانی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتوون. لەوکاتەی ١،١١٨ کەسیش دووبارە جارێکی دیکە ئاوارە بوونە. تا ئێستا، بەرزترین ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆیانە گەیشتوونەتە پارێزگای سلێمانی کە (٤،٢٤١) کەسن. لەو ئاوارانەی کە گەیشتوونەتە پارێزگای سلێمانی، زۆربەشیان یەکەمین جاریانە ئاوارە دەبن کە (٢،٢٤٤) کەسن. ١،٧٨١ کەسیشیان لە شوێنێکی دیکەی ئاوارە بوونەوە هاتوون، ٢١٦ کەسەکەی دیکەشیان لەو شوێنانەوە هاتوون کە ماوەیەک پێش ئێستا بۆی گەڕابوونەوە. ئەو ئاوارانەی گەیشتوونەتە پارێزگای سلێمانی زۆربەیان لە پارێزگاکانی بەغدا، سەڵاح الدین و ئەنبارەوە هاتوون لەبەر بەرزبوونەوەی ڕاددەی کێشە و گرفتە ئەمنییەکان لەو پارێزگایانەدا، لەهەمان کاتیشدا، هەندێک لەو ئاوارانە لەبەر گەڕان بەدوای دەرفەتەکانی کارکردن ئاوارەبوون. سەرەڕای ئەمانە، ژمارەیەکی بەرچاوی ئاوارەبوون لە پارێزگای هەولێر ڕوویداوە کە (١،٣١٨) کەسن، لە هەمان کاتیشدا بەرزترین ژمارەی ئەو کەسانە تۆمارکرا کە جارێکی دیکە لەو شوێنانەی کە بۆی گەڕابوونەوە لە پارێزگای نەینەوا ئاوارەبوونەوە، کە (٦٢٧) کەس بوون. هەروەها، کۆی گشتی ١،١١٨ ئاوارەش شکستیان لە گەڕانەوە بۆ پارێزگای زێدیان هێنا و ناچاربوون جارێکی دیکە ئاوارە ببنەوە. زۆربەی ئەو ئاوارانەش هی پارێزگاکانی سەڵاح الدین بە (٥٦٧) کەس، پارێزگای نەینەوا بە (٣٢٩) کەس، پارێزگای ئەنبار (١٣٢) کەس، پارێزگای بەغدا بە (٦٦) کەس و پارێزگای دیالە بە (٢٤) کەس بوون.

**ناوچەکانی زێدی ئاوارەناوخۆییەکان:** لە ٥١٪ی حاڵەتەکانی ئێستای ئاوارە ناوخۆییەکان هی پارێزگای نەینەوان بە (٦١٩،١٣٣)، بەتایبەتی هی قەزای ناوەندی موسڵ کە (٢٤٨،٦٠٣) کەسن، هی قەزای شنگال بە (١٩٤،٢١٤) کەس، قەزای بعاج بە (٩٢،٩٥٧). دووەم بەرزترین حاڵەتەکانی ئێستای ئاوارە ناوخۆییەکان هی پارێزگاکانی سەڵاح الدین بە (١٤٠،٠٥٨) کەس کە دەکاتە لە ١٢٪، پارێزگای ئەنبار بە (١٣٤،٦٨٦)کەس کە دەکاتە لە ١١٪، بەرزترین قەزایەکانیش بۆ حاڵەتەکانی ئێستای ئاوارەبوون لە چوارچێوەی پارێزگای سەڵاح الدین هی قەزای توزخورماتوو بوون بە (٣٦،٨٩٧) کەس، قەزای بەلەد بە (٢٨،٥٠١) کەس و قەزای بێجی بە (٢٦،٩٧٢) کەس. لەوکاتەی لەچوارچێوەی پارێزگای ئەنباردا، ئەو قەزایانەی بەرزترین حاڵەتەکانی ئاوارە ناوخۆییەکانیان هەیە بریتین لە قەزای ڕوومادی بە (٦٣،٦٠٤) کەس، قەزای فەللوجە بە (٤١،٤١٥) کەس، قەزای ئەلقائیم بە (١٠،٠٢٥) کەس و قەزای ئەلرۆتبە بە (٥،٥٢٣) کەس.

**جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون:** لەسەرانسەری وڵات، لە ٧٦٪ی ئاوارەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت دەژین کە (٩٠٢،٧٩١) کەسن، لە ١٥٪ یان لە کامپەکان دەژین کە (١٨٢،٤١٥) کەسن، هەروەها لە ٩٪ شیان لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین. لەماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا، نزمبوونەوە و کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لەژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی نیشتەجێ شوێنی تایبەت تۆمارکرا کە (-٣،٣٠٠) کەس بوون. سەرەڕای ئەمە، بەرزبوونەوە و زیادکردنێک لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی نیشتەجێی.

تێکرای ئەم زیادکردن و بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە کامپەکان دا دەژین پێچەوانەی ئەو نزمبوونەوە و کەمبوونەوانەیە کە لە سێ جەولەی پێشووتری ساڵی ٢٠٢١ دا بە (-١،٤٤٠) لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەممووزدا، (-٣،٨٧٥) لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئازار و نیسان دا و (-١٧،٧٩٠) کە لە ماوەی نێوان مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات دا تۆمارکران. تۆمارکردنی ئەم گۆڕانە بچووکە لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە کامپەکان دا دەژین لەم جەولەیە دا دەکرێت بدرێتە پاڵ ئەوەی کە چەندان کەم داخران یەکخران لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ دا و سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ دا، ئەمەش وایکردووە کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە ناوخۆییەکان یان بگەڕێنەوە یان ئاوارەی شوێنەکانی دیکە ببن.

هەروەها لەماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ساڵی ٢٠٢١ دا، کۆی گشتی ١٠٣،٦٠٨ ئاوارەی ناوخۆیی تۆمارکران کە لەشوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین، ئەمەش واتە، لە ٩٪ی حاڵەتەکانی وڵات. ئەمەش بەرزبوونەوەیەک بە ڕاددەی ١،٢٣٦ کەس لەو ئاوارانەی لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین نیشان دەدات لەوەتەی جەولەی پێشووی ماوەی نێوان مانگەکانی ئایار، حوزەیران و تەممووزی ٢٠٢١ دا. لەسەر ئاستی پارێزگادا، بەرزترین ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە دۆخی ژیان و گوزەران و شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونیان زۆر خراپە لە پارێزگای دهۆکن بە ٢١،٢٧٦ کەس، ئەمەش نزمبوونەوە و کەمبوونەوە بە (-٣١٢) نیشان دەدات لەچاو ئەو ژمارەی کە لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەممووزی ٢٠٢١ دا تۆمارکرا لە جەولەی پێشوودا. ژمارەیەکی بەرچاوی ئاوارە ناوخۆییەکانییش نیشتەجێی شوێنی حەوانەوەی زۆرخراپن لە پارێزگای ئەنباردا کە ٢١،١٣٨ کەسن، کە (٣١٨) کەس زیاترە لە ژمارەی دوایەمین جەولە)، پاشان ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونیان زۆر خراپە دەکەونە پارێزگاکانی نەینەوا بە ١٩،٩٥٦ کە، کە (٨٤ کەس زیاترە لە ژمارەی دوایەمین جەولە)، سەڵاح الدین بە ١٧،٣٨٢ کەس، کە (١،٠٣٢ کەس زیاترە لە ژمارەی دوایەمین جەولە). هەروەها پارێزگای کەرکووک بە ٩،١٦٨ کەس، کە (٦ کەس کەمترە لە ژمارەی دوایەمین جەولە). ئەو قەزایانەشی کە بەرزترین ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەش کە دۆخی ژیان و گوزەرانیان و شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونیان زۆر خراپە ئەمانەن: قەزای سێمێل لە پارێزگای دهۆک بە (١٧،٢٧٤)کەس، سەرەڕای ئەوەی کە نزمبوونەوە و کەمبوونەوەیەکی بەخۆوە بینیووە لەوەتەی جەولەی پێشووی ماوەی نێوان مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەممووزی ٢٠٢١ دا بە (-٢٧٦) کەمبوونەوە. ژمارەیەکی بەرچاویش لە ئاوارە ناوخۆییەکانی پارێزگای کەرکووک لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین، کە هی قەزای ناوەندی کەرکووک (٨،٣٠٤) کەسن، هەروەها لە قەزای سامەڕای پارێزگای سەڵاح الدینیش (٧،٢٣٠) کەسی ئاوارەی ناوخۆیی لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین. سەرەڕای ئەمانە، لەسەرانسەری عێراق دا، بە کۆی گشتی ٨٥ شوێن هەیە کە تیایاندا ئاوارە ناوخۆییەکان لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین، بەرزترین ژمارەی ئەو شوێنانەش دەکەوێتە قەزای فەللوجە بە ١٦ شوێن لە پارێزگای ئەنبار دا، کە ١٣،٨٧٨ ئاوارەی ناوخۆیی لەم ١٦ شوێنە نیشتەجێن. هەروەها سێ شوێنیش لە قەزای ڕوومادی پارێزگای ئەنبار ٤،٣٥٠ ئاوارەی ناوخۆیی دۆخی ژیان و گوزەران و شوێنی حەوانەوەیان زۆرخراپە. هەروەها شوێنەکانی دیکەی کە دۆخی ژیان و گوزەران و شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی ئاوارە ناوخۆییەکان تیایاندا زۆرخراپە دەکەونە قەزایەکانی پارێزگای هەولێر بە ٥ شوێن، وە ٤ شوێنیش لە قەزای شێخانی پارێزگای نەینەوا دا.

شێوەی ٢: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی ئاوارە ناوخۆییەکان



# خستنەڕوویەکی گشتی گەڕانەوە

ئەم شێوە گرافیکەی خوارەوە ئەمانە نیشاندەدات (١) ژمارەی گەڕاوەکان لە هەموو پارێزگاکانی زێدی ئاوارەکان, (٢) ژمارەی گەڕاوەکان لە هەر ناوچە و قەزایەک, (٣) ڕێژەی گەڕاوەکان بە پێی دواهەمین پارێزگای ئاوارەبوون بۆ هەر پارێزگایەکی زێد.



# خستنەڕوویەکی گشتی گەڕانەوە

## تازەترین ڕەوشی گەڕاوەکان

کۆی گشتی فیگەر و هێلکارییەکانی گەڕانەوە: لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) بە کۆی گشتی دەستنیشانی ٤,٩٣٩,٠٧٤ گەڕاوەی کرد لە (٨٢٣,١٧٩) خێزان دا، کە لەسەرانسەری ٨ پارێزگا، لە ٣٨ قەزا و ٢,١٧١ شوێن عێراق دا بوون. بە کۆی گشتی، ٥٤,٣٦٢ گەڕاوەی نوێ تۆمارکران لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا. ئەم ژمارەیەش بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزترە لە ژمارەی ئەو گەڕاوە تازانەی کە لە جەولەی پێشووی ماوەی نێوان مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەمموزی ٢٠٢١ دا تۆمارکرابوو کە (١٧,٥٦٢) کەس بوو. هەروەها ئەم ژمارە تازەی گەڕاوەکانی ئەم جەولەی ئێستا بەرزترە لە ژمارەی گەڕاوەکانی سێ جەولەی پێشووتریش کە لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئازار و نیسانی ٢٠٢١ کە (١٥,٢٣٤) گەڕاوە بوو، لە ماوەی نێوان مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠٢١ دا کە (٢٠,٢٥٠) گەڕاوە بوو، لەماوەی نێوان مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا کە (٤٩,١٥٢) گەڕاوە بوو. هەرچەندە، بەرزی ئەم ژمارەی گەڕاوە تازەکان لەم جەولەی ئێستادا بەهۆی زۆری ئەو گەڕاوە تازانەیە کە بۆ پارێزگای ئەنبار گەڕاونەتەوە و لەم جەولەیەدا هەژمارکراون، ئەمەش پاش ئەوەی تیمەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون هەڵسەنگاندنیان بۆ ژمارەیەک شوێن لەو پارێزگایە دا کرد کە پێشووتر بەهۆی کێشە و گرفتە ئەمنییەکانەوە نەیان دەتوانی دەستیان بەو شوێنانە بگات.

ئەو پارێزگایانەشی کە بەرزترین ژمارەی گەڕاوەیان هەیە لە کۆی گشتی گەڕاوەکان، بریتین لە: پارێزگای نەینەوا بە (١,٩٢٢,٤٩٦، کە ٢,١٣٦ کەسیان گەڕاوەی تازە بوون لەوەتەی جەولەی پێشووەوە). پاشان پارێزگای ئەنبار بە (١,٥٤١,٤٦٦ کەس کە ٢٩,٨٠٨ کەسیان گەڕاوەی تازە بوون لەوەتەی جەولەی پێشووەوە). ئینجا پارێزگای سەڵاح الدین بە (٧٣١,٨٢٠ کەس کە ١٦,١١٠ کەسیان گەڕاوەی تازەبوون لەوەتەی جەولەی پێشووەوە). لەماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) بە کۆی گشتی ١.٠٠٨ ئاوارەی ناوخۆیی تۆمارکرد کە لە کامپەکانەوە هاتبوون، ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو کەمتر لەو ژمارەی کە جەولەی پێشوو لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەمموزی ٢٠٢١ تۆمارکرابوو بە (٦,١٨٦) کەس. زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی کە لەم جەولەیەدا گەیشتبوون، هاتبوونە قەزایەکانی پارێزگای نەینەوا، لەوانەش قەزای شنگال بە (٣٩٦) کەس، قەزای بەعاج بە (١٣٢) کەس، قەزای ناوەندی موسڵ بە (٢٤) کەس. ئەمەش لەو کاتەی کە سەرجەم ئەوانی دیکە گەیشتنە قەزای مخمووری پارێزگای هەولێر کە (٢١٠) کەس بوون، لەگەڵ قەزای بێجی بە (١٢٦) و کەس و قەزای شەرگات بە (١٢٠) کەس لە پارێزگای سەڵاح الدین.

هەروەها لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا، گەڕانەوەکان لە دوو شوێن بوون کە پێشووتر هیچ گەڕانەوەیەکیان بە خۆوە نەبینیبوو. یەکێک لەو شوێنانەش قەزای هەترە لە پارێزگای نەینەوا بوو و شوێنەکەی دیکەش قەزای مخمووری پارێزگای هەولێر بوو. سەرەڕای ئەمەش، لەم جەولەیەدا شوێنێکی دیکەش لە قەزای هەترە پارێزگای نەینەوا دەستنیشانکرا کە تا ئەمڕۆ هیچ گەڕانەوەیەکی نەبووە. هۆکاری ئەمەش پەیوەندی بە نەبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانەوە هەیە و هەروەها پەیوەندی بەخراپی دۆخی ئەمنی لەو شوێنە هەیە.

هێڵکاری و شێوەکان لەسەر ئاستی قەزا: هەروەکو جەولەکانی پێشووتردا، قەزای ناوەندی موسڵ لە پارێزگای نەینەوا دا هەر بە خاوەن بەرزترین ژمارەی گەڕاوەکان دەمێنێتەوە بە ١,٠٦٥,٠١٢ گەڕاوە، کە دەکاتە لە ٢٢٪ی کۆی حاڵەتەکانی گەڕانەوە و لە نێویشیان دا ١,٧٥٢ گەڕاوەی تازە تۆمارکرا کە لەم جەولەیە دا گەڕاونەتەوە. هەروەها قەزای ڕوومادی لە پارێزگای ئەنبار دا دووەم بەرزترین ژمارەی گەڕانەوەی هەیە بە (٦٠١,٣٢٦) کەس، کەدەکاتە لە ١٢٪ی کۆی گشتی گەڕاوەکان، لە نێویشیان دا ٢٩٤ گەڕاوەیان لەم جەولەیە دا تۆمارکران. سێیەم بەرزترین ژمارەی گەڕاوەکان لە قەزای فەللوجەی پارێزگای ئەنبارە بە (٥٧٠,٦٠٠) گەڕاوە، کە دەکاتە لە ١٢٪ی کۆی گشتی گەڕاوەکان و لە نێویشیان دا ٢٨,٦٨٦ گەڕاوەیان وەک گەڕاوەی تازەی ئەم جەولەی ئێستا تۆمارکران، تێبینی ئەوەش دەکرێت کە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو گەڕانەوانەش بۆ ئەو شوێنانەیە کە پێشووتر هەڵنەسەنگێندراون. ئەگەرنا، بەهەمان شێوەش ژمارەیەکی بەرچاوی گەڕاوە تۆمارکراوە لە قەزای تەلەعفەری پارێزگای نەینەوادا بە (٣٦٠,٣٩٦) کە دەکاتە لە ٧٪ی کۆی گشتی گەڕاوەکان و لە نێویشیان دا ٤٨٠ کەسیان گەڕاوەی ئەم جەولەی ئێستان. لەپاڵ ئەمانەشدا، لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا، ژمارەیەکی زۆری گەڕاوە لە قەزای تکریتی پارێزگای سەڵاح الدین تۆمارکرا بە (١٤,٣٩٤) گەڕاوە، ئینجا قەزای مخمووری پارێزگای هەولێر دێت لە ڕووی بەرزی گەڕاوەکان لەم جەولەیە دا بە (٥,٤٣٠) گەڕاوە.

جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون: لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا، زۆربەی هەرە زۆری گەڕاوە تازەکان، کە (٤٦,٣١٤) کەسن، گەیشتوونەتە زێدی نیشتەجێبوونی خۆیان، بەمەش ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەم جۆرە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونە دەژین بوو بە ٤,٧٣٢,٠١٤، کە دەکاتە لە ٩٦٪ کۆی گشتی گەڕاوەکان. هەروەها ٨,٥٤٤ گەڕاوەی دیکە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونیان زۆر خراپە، بەمەش ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەم جۆرە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونە زۆر خراپانە دا دەژین گەیشتە ١٩٢,٩١٢ کەس، کە دەکاتە لە ٤٪ی کۆی گشتی گەڕاوەکان. ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی تایبەت دا دەژین بە ٣٩٦ کەس کەمبووەوە لەم جەولەیەدا بە بەراورد بە جەولەی پێشوو. بەم شێوەیەش، کۆی گشتی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی تایبەت دا دەژین بووە ١٤,١٤٨ کەس، کە کەمترە لە ١٪ی کۆی گشتی گەڕاوەکان.

بەرزترین ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین دەکەوێتە پارێزگای سەڵاح الدین بە (٦١,٣٥٦) کەس، کە دەکاتە لە ٢٣٪ی کۆی گەڕاوەکان لە سەرانسەری عێراق دا. زۆربەی ئەو گەڕاوانەش لە سێ قەزادا بڵاوبوونەتەوە: قەزای تکریت بە (٢٢,٤٥٨) کەس، قەزای بێجی بە (١٥,٤٣٢) کەس و قەزای شەرگات بە (٨,٨٥٠) کەس. لەگەڵ ئەمەش دا، ٥٥,٨٦٦ گەڕاوەی دیکە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆرخراپ دا دەژین لە پارێزگای نەینەوا دا، کە دەکاتە لە٢٩٪ی کۆی ئەو گەڕاوانەی کە لەم جۆرە شوێنە حەوانەوە زۆرخراپانە دا دەژین، زۆربەشیان لە قەزای ناوەندی موسڵن بە (٣١,٩٦٢) کەس، دوای ئەویش لە قەزای شنگالن بە (٨,١١٢) کەس و پاشان قەزای بەعاج بە (٥,٣٧٦) کەسی گەڕاوە. ژمارەیەکی زۆریش لەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆرخراپ دا دەژین لە پارێزگای ئەنباردا تۆمارکران کە (٤٢,٣٥٤) کەسی گەڕاوەن و دەکاتە لە ٢٢٪ی کۆی گشتی گەڕاوەکان، ئەو گەڕاوانەش بە زۆری دەکەونە قەزای ڕوومادی بە (١٤,٠٦٤) گەڕاوە، قەزای فەللوجە (١٣,٥٥٤) گەڕاوە و قەزای قائیم بە (٩,٦٣٠) گەڕاوە.

بەتێکڕا، لە ماوەی نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا، هەشت شوێن دەستنیشانکران کە هەموو گەڕاوەکان، کە بە کۆی گشتیان ٢,٥٥٦ کەسن، لە دۆخ و شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆرخراپ دا دەژین. ئەمەش نزمبوونەوە و کەمبوونەوەیەکی کەم و لاوەکی نیشاندەدات لەو ژمارەیەی کە لە جەولەی پێشووی ماوەی نێوان مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەمموز تۆمارکرابوو کە (٢,٥٩٢) گەڕاوە بوون. دوو لەم شوێنانەش لە پارێزگای ئەنبارن و یەکێکیان دەکەوێتە قەزای ڕوومادی کە (٨٥٨) گەڕاوە لە خۆدەگرێت، شوێنەکەی دیکەشیان دەکەوێتە قەزای قائیم و (٢٩٤) گەڕاوە لە خۆدەگرێت. دوو شوێنی دیکەش دەستنیشانکران کە هەموو گەڕاوەکانیان لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین کە لە پارێزگای سەڵاح الدینن و یەکێکیان دەکەوێتە قەزای تکریت کە (٧٨٠) گەڕاوەی لەخۆگرتووە، ئەوەی دیکەش دەکەوێتە قەزای توزخورماتوو کە (١٨) گەڕاوەی لەخۆ گرتووە. هەروەها، هەموو گەڕاوەکانی پارێزگای نەینەواش لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆرخراپ دا دەژین و دەکەونە قەزای ناوەندی موسڵ بە (٢٧٦) گەڕاوە و قەزای بەعاج بە (٤٨) گەڕاوە. ئەمە لەسەر هەموو گەڕاوەکانی پارێزگای کەرکووکیش جێبەجێ دەبێت کە دەکەونە قەزای ناوەندی کەرکووک بە (١٨٠) گەڕاوە، هەروەها گەڕاوەکانی پارێزگای دیالەش کە دەکەونە قەزای خانەقین بە (١٠٢) گەڕاوە.

شێوەی ٣: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی گەڕاوەکان




١ بەرزی ئەم ڕێژەیەی گەڕانەوە لە ماوەی نێوان مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا بەشێکی دەدرێتە پاڵ داخستن و یەکخستنی کامپەکان کە زۆربەیان لەماوەی نێوان مانگەکانی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ تا کانوونی دووەمی ٢٠٢١ ئەنجامدران و بەرزبوونەوە یەک لەدوای یەکەکانی گەڕانەوەکان لەماوەی ئەم ماوەیەدا. لەنێوان ئەیلولی ٢٠٢٠ و شوباتی ٢٠٢١ دا ، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) چالاکی بەدوا داچوونی فریاکەوتنی پیادە کردووە بەدوا داچوونی بۆ جموجۆڵی ئاوارەکان و شوێنەکانی دیکە دەکات دوای ئەوەی کە ئەو کامپ و شوێنانە دادەخرێن یان یەک دەخرێن. کارەکانیش لەم لینکە بەردەستن http://iraqdtm.iom.int/IdpMovements#Camp

٢ لە مانگی کانوونی دووەم ٢٠٢٠ دا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە: ئاوارەبوونی درێژخایەن لە عێراق دا: پێداچوونەوە بە پۆلێنکردنی بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە. ئەم ڕاپۆرتە پشتی بە سەرچاوە و داتای لاوەکی بەستووە بۆ دانانی چوارچێوەی کاری پۆلێنکردنی بەربەستەکان و تیشک خستنە سەر ئەو بەربەست و ئاستەنگە جۆراوجۆرانەی کە ڕووبەڕووی ئاوارەکان دەبنەوە لە گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵیان. ڕاپۆرتەکەش لەم لینکە بەردەستە: https://iraq.iom.int/publications/protracted-displacement-iraq-revisiting-categories-return-barriers

٣ بگەڕێوە یەکەم پەرەگرافی بەشی گەڕانەوە بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو شوێنانەی پارێزگای ئەنبار کە پێشووتر هەڵنەسەنگێندراون.

نەخشەی ١: هەبوونی ئاوارەکان و گەڕاوەکان



# ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرت

ئامانجی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ چاودێریکردنی ئاوارەبوون و خستنەڕووی داتای دروستە دەربارەی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە عێراق دا. داتا لە ڕێگەی تیمەکانی بەدەمەوە هاتنی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs) کۆدەکرێتەوە، کە پێکهاتووە لە زیاتر لە ١٠٠ ستاف لەسەرانسەری عێراق دا بڵاوبوونەتەوە. داتا کۆکردنەوە بۆ جەولەی ١٢٣ لە ماوەی مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ بوو لە سەرانسەری ١٨ پارێزگادا.

داتا لە لیستی سەرەکی ئاوارە ناوخۆییەکان و لیستی سەرەکی گەڕاوەکان کۆکراوەتەوە لە ڕێگەی تۆڕێکی دامەزراوی بەرفراوان کە ٩٥٠٠ زانیارپێدەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت، لەوانەش سەرکردەی کۆمەڵگەکان، دەسەڵاتە خۆجێیەکان و هێزە ئەمنییەکان. هەروەها زانیاری دیکەش لە تۆماری داتای حکومەت و ئاژانسە هاوبەشەکان وەرگیراوە.

تیمەکانی بەدەمەوە هاتن و وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بە بەردەوامی داتای لە لیستی سەرەکی وەرگرتووە و ڕاپۆرتی دوو مانگ جارێکی لێ ئامادەکردووە. هەرچەندە، دەستگەیشتن بە داتا سنووردار بووە بەهۆی کێشە و گرفتە ئەمنییەکان و پرۆسەکانی دیکەی سنووردانان کە دەتوانێت کاربکاتە سەر چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری. گۆڕانکاری لە شێوە دەرخەرەکانی ئاوارەبوون بە دیدەکرێت لە نێوان ماوە جیاجیاکانی ڕاپۆرتەکان دا. هەروەها لەوانەیە گۆڕانکارییەکانی شێوەدەرخەرەکان بەهۆی کاریگەری فاکتەرەکانی دیکەوە بێت، وەکو دەستنیشانکردنی بەردەوامی گروپەکانی پێشووتری ئاوارەبووان و تێکەڵکردنی داتای ئاوارەبوونی دووەم لە ناوخۆی عێرق دا.

هاوڵاتیانی ئاوارەبوو داتایان لە ڕێگەی پرۆسەی کۆکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە، ڕووپێوکردن و پێوانەکردن و ڕەوایەتی بوون کۆدەکرێتەوە دەستنیشاندەکرێن. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بە بەردەوامی لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتە خۆجێییەکان دەکات تا بەردەوام لەیەکتێگەیشتنێکی دروست و هاوبەشییان سەبارەت بە ئاوارەبوون لە تەواوی عێراق دا هەبێت.

بۆ کارئاسانیکردنی شیکارکردن، ئەم ڕاپۆرتە عێراقی بەسەر سێ هەرێم دابەشکردووە: هەرێمی کوردستانی عێراق کە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی دەگرێتەخۆ، باشور کە پارێزگاکانی بەسرە، میسان، نەجەف، زیقار، قادیسیە و موسەننا دەگرێتەخۆ، ناوەڕاست کە پارێزگاکانی ئەنبار، بابل، بەغدا، دیالە، کەربەلا، کەرکووک، نەینەوا، سەڵاح الدین و واستن.

**حسابکردنی ژمێری بۆ دیاریکردنی ژمارەی کەسەکان بە کارهاتووە:**

ژمارەی کەسەکان لە ڕێگەی لێکدان و جارانکردنی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٦ کەس دیاریکراوە و هەژمارکراوە، کە ئەمەش ژمارەی تێکڕای هەر خێزانێکی عێراقیە بە پێی ئاماری حکومەت، ئەم حسابکردن و ژماردنەش بۆ هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکانی دەرەوەی کامپەکان بووە. لەوەتەی ماوەی مانگەکانی تەمموز و ئابی ٢٠٢٠وە (جەولەی ١١٧)، ژمارەی ئەو کەسانەی ناو کامپ لەڕێگەی لێکدانی لە ژمارە ٥ بۆ هەر خێزانێک حسابکراوە، کە ئەم داتایە هاوتایە بە قەبارەی خێزانی بە پێی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ وە. بۆ دروستترین و نوێترین زانیاری ئاوارەکانی دەرەوەی کامپ، تکایە بڕوانە وێبسایتی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ: CCCM Cluster

لە هەموو لیستە سەرەکییەکانی جەولەکانی پێش (١١٧) لە (تەموز و ئابی ٢٠٢٠) دا، ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کامپ بە لێکدان و جارانکردنی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٦ دیاریدەکرا، لەبەرئەوەی حسابکردنەکە جێگیرە لە نێوان جەولەکانی ١١٧ بۆ ١٢٣، شیکارکردنی بەراوردکاری لە نێوان ئەم چوار وەجبە داتایە هیچ کاریگەری نابێت. هەرچەند، دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێت کە بەراوردکردنی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کامپەکان لە نێوان جەولەکانی ١١٧ بۆ ١٢٣ بە هەریەکێک لە جەولەکانی پێشووتر، کاریگەری دەبێت بەهۆی ئەو گۆڕانکاریەی لە پێداچوونەی شێوازی حسابکردن لە ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرتەکەوە دەکرێت.

**ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرتەکە ئەم پێناسانە بەکاردێنێت:**

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون هەموو ئەو کەسانە بە ئاوارەی ناوخۆیی هەژمار دەکات کە ناچار بە جێهێشتن کراون لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بەدواوە و تا ساتی ئەم هەڵسەنگاندنەش لە چوارچێوەی سنوورەکانی عێراق دا ئاوارەی ناوخۆن.

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) هەموو ئەو کەسانەی کە لە وەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤وە ئاوارەبوون و دەگەڕێنەوە بە گەڕاوە هەژماردەکات کە گەڕاونەتەوە بۆ ئەو شوێنەی کەلێی بوون، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو گەڕاوانە گەڕاونەتەوە هەمان شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەی خۆیان یان جۆرێکی دیکەی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون. پێناسەی گەڕاوەکان نە پەیوەندی بە پێوەرەکانی گەڕانەوە بە سەلامەتی و بە شکۆوە هەیە، نە پەیوەندیشی بە ستراتیژیەتی چارەسەرە هەمیشەییە پێناسەکراوەکانەوە هەیە. شوێنیش وەها پێناسەکراوە کە هاوتا بێت بە گوندێک یان ناوچەیەکی لادێی یان گەڕەکێک لە ناوچە شارییەکان (بەمانایەکی دیکە، چوارەم دابەشبوونی فەرمی کارگێڕی).

### گۆڕانکارییەکانی زاراوەکانی شوێنی حەوانەوە لە لیستی سەرەکی خولی ١٢٢:

لە جەولەی پێشوودا کە جەولەی (١٢٢) بوو، ماوەی نێوان مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەمموزی گرتبووەخۆ گۆڕانکاری لە زاراوەکانی جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان تیایاندا دەژین کرا، ئەمەش لە هەموو کارەکانی لیستی سەرەکی جەولەی ١٢٢ و ١٢٣ دا ڕەنگی داوەتەوە. گۆڕانکارییەکانیش بۆ خۆگونجاندن بووە تاوەکو بەرچاوڕوونیەکی زیاتر هەبێت لەسەر ئەو زاراوانەی کە بۆ جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆرخراپ بەکاردێن، جیاوازبن لە جۆرەکانی شوێنی ئاوارەبوون. بۆ دڵنیابوونەوەش لە ڕێکخستن و گونجان لەگەڵ تێبینی تەکنیکی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لە عێراق دا لەسەر پێناسەی شوێنە نافەرمییەکان لە عێراق دا (ئەیلولی ٢٠٢٠).

٣ تێبینی تەکنیکی لێرە بەردەستە:
https://www.humanitarianresponse.info/en/operations/iraq/document/cccm-cluster-technical-note-informal-sites-definition-iraq-sep-2020%20

**گۆڕانکارییەکانی جۆرەکانی ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە ئاوارەکان و گەڕاوەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەوە:**

- ”نیشتەجێبوونە نافەرمییەکان“ گۆڕدراوە بۆ ”خێمە، کارەڤان،خانووی سەفەری و کاتی، خانووی بە قوڕ یان بلۆک دروستکراو“
- ”پێکهاتە نانیشتەجێییەکان“ گۆڕدراوە بۆ ”شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپی دیکە“
- ”شوێنی حەوانەوەی بەکۆمەڵ“ گۆڕدراوە بۆ ”بینایە گشتییەکان یان شوێنی حەوانەوەی بە کۆمەڵ“

**گۆڕانکارییەکانی جۆری ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە تەنیا گەڕاوەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەخۆ:**

- ”نیشتەجێبوونی ئاسایی“ گۆڕدراوە بۆ  ”نیشتەجێبوون لە زێد“
- ”کرێ“ لابردراوە

**گۆڕانکارییەکانی جۆری ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە تەنیا ئاوارەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەخۆر:**

- ”کرێ“ گۆڕدراوە بۆ ”شوققە یان خانوو (هی خۆی نییە)“

پوختەیەک لەسەر جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون لەم ڕاپۆرتەدا بەم شێوەیە ئاماژەی پێدراوە. نیشتەجێبوون لە زێد هەمان ئەو شوێنە کە گەڕاوەکان بەر لە ئاوارەبوونیان لێی ژیاون. ئەو شوێنە حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی کە لە دۆخێکی زۆرخراپدان، بۆ گەڕاوەکان بریتییە لە: نیشتەجێبوونی زێد (بۆ نیشتەجێبوون ناشێت)، خێمە، کارەڤان، شوێنی حەوانەوەی سەفەری و کاتی، خانووی بە قوڕ یان بلۆک دروستکراو، بینای تەواونەکراو و جێهێڵدراو، بینایە گشتییەکان، شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی بەکۆمەڵ، بینا ئایینیەکان و بینای قوتابخانەکان. بۆ ئاوارەکانیش، ئەو شوێنە حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی کە لە دۆخێکی زۆرخراپدان هەمان ئەو شوێنە حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی گەڕاوەکان دەگرێتەوە، جگە لە نیشتەجێبوون لە زێد ناگرێتەوە، هەروەها خانوو و شوققەش ناگرێتەوە کە هی خۆیان نین یان بۆ ژیان ناشێن.

## ئەستۆپاکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. زانیاریەکانی پۆرتاڵی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون دەرئەنجامی ئەو داتایە یە کە لەلایەن تیمە مەیدانییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە کۆکراوەتەوە و زانیارییەکانی حکومەت و لایەنەکانی دیکە لە عێراق تەواودەکات. دەبێت ئاڵنگارییەکان لەبەرچاو بگیرێن کاتێک داتاکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی لە عێراق بەکاردێن، لەوانەش ناجێگیری جموجۆڵی ئاوارەکان هاوکات لەگەڵ ڕەوشە تەنگەتاویە لەناکاوییەکان و سنووردارنوونی دەستگەیشتن بە بەشێکی زۆری وڵات. لە هیچ بارێکدا، ڕێخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بەرپرس نابێت بۆ هیچ زەرەر و زیانێک، جا ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یان دەرئەنجامیی بێت، یان پەیوەندی بە بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە و بەکارهێنانی ئەو زانیاریانە بێت لێرەوە خراونەتەڕوو. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵدەدات  کە ئەوەندەی بکرێت ئەو زانیاریانە بە دروستی بپارێزێت، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش بۆ تەواوەتی و ورد و دروستی و گونجاویەتی ئەو زانیاریانەی نێو ئەم ڕاپۆرتە ناکات- بەدەربڕین بێتت یان بەواگەیاندنبێت.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی iraqdtm.iom.int بکە یان پەیوەندی بکە بە تیمەکە لەڕێگەی ئیمێڵی iraqdtm@iom


## المنظمـة الدوليّـة للهجرة – بعثة العراق

iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

المكتب الرئيسي في بغداد
مجمع يونامي (ديوان٢)
المنطقة الدولية – بغداد – العراق

@IOMIraq


IOM UN MIGRATION

تشكر المنظمة الدولية للهجرة في العراق وزارة الخارجية الأمريكية، ومكتب السكان واللاجئين والهجرة (PRM) لدعمهما المستمر. وتعرب المنظمة الدولية للهجرة في العراق أيضاً عن امتنانها لأعضاء فريق التقييم والاستجابة السريعة للمنظمة الدولية للهجرة في العراق ( RART) لعملهم الدؤوب في جمع البيانات، وفي ظروف صعبة جداً. وهذا التقرير هو نتيجة جهود هذا الفريق.

© المنظمة الدولية للهجرة ٢٠٢١

لا يجوز إعادة إنتاج أي جزء من هذا التقرير، أو تخزينه بغرض إعادة استخدامه بأيّ شكل من الأشكال، ولا يجوز نقله بأي شكل أو بأيّ وسيلة الكترونيّة أو غير الكترونيّة، أو تصويره أو تسجيله، أو غير ذلك من الاستخدامات بدون موافقة خطّية مُسبَقة من الناشر.